گەڕۆژی ئەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٨٥) یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١

ئەمریکا دوو سەربازانی خۆی بە کوشتنی ئەنقەست تۆمەتبار دەکات

دوێنی شەممە ٣٠-٦-٢٠٠٧ سوپای ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد کە دوو لە سەربازەکانی لە سێ کردەوەی جیاوازدا بە ئەنقەست خەڵکی سڤیلی عێراقیان کوشتووە. بەوهۆیەوە تۆمەتبارکراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ.

بەگوێرەی بەیاننامەکە دوو سەربازی ئەمریکی لە مانگەکانی نیسان و حوزەیراندا بەوە بە کوشتنی ئەنقەست تۆمەتبار کراون، بەڵام تا ساغبوونەوەی تاوانەکەیان بێ گوناهن، چونکە دەرنەکەوتووە بەهەڵە تەقەیان کردووە یان بە ئەنقەست ویستوویانە خەڵکی سڤیل بکوژن.

بەیاننامەکە ڕوونی کردۆتەوە کە هەرسێ ڕووداوەکە لە ناوچەی ئەسکەندەریەی بەغداد ئەنجام دراون کە بەدووری ٤٠ کیلۆمەتر لە باشووری بەغداد هەڵکەوتووە.

مایکڵ هینسڵی و جۆرج ساندۆڤال دوو پلەداری ناو سوپای ئەمەریکین کە بەکوشتنی ئەنقەست تۆمەتبار کراون، بڕیارەکە لێپرسینەوەیاندا لەگەڵ بکرێ.

لە پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ پاسەوانی سنوور!

منی گەنج و تۆی دەسەڵات

سەرۆکێن سەرسورماو سەر سورماییێن سەرۆکا!؟

کێشەی ژنان و ڕێکخراوەکانی پاشکۆی پیاوسالاری!

شیعری کوردی و هەڵوێستەیەک

وەزارەتەکان بارێکی گرانن بە سەر حکومەتەوە، ناچار کەم دەکرێنەوە

هەواڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری تەنگژەی دارایی بۆتەوە، ژمارەی وەزاتەکانیش یەکێک لە هۆکاری ئەو تەنگژەیەن کە کاتی خۆی بە بێ بیکردنەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیرابۆوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی هەردوو لایەنی دەستەڵاتدار دوای لێکدانەوەیەکی ورد گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ وەزارەتەکان کەم بکرێنەوە.

ئاژانسی ئاکی ئیتاڵی لە زاری بەرپرسیارانی کوردەوە دەڵێ: نزیکەی ٧٥% دی بودجەی هەرێمی کوردستان کە ١٧% دی بودجەی عێراقە بۆ مووچەی فەرمانبەران سەرف دەکات. ئەمەش گرانیەکی گەورەی لەسەر حکومەتی هەرێمی دروست کردوە و وای کردوە کە حکومەت نەتوانێ پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

لە هەنگاوی یەکەمدا حکومەتی هەرێم لەبەرنامەی دایە کە ژمارەیەک لە فەرمابەران خانەنشین بکات و ژمارەیەکی تریش تەحویلی وەزارەتی کار بکات.

جێگەی ئاماژەیە کە لە کاتی یەکگرتنەوەی هەردووئیدارەکە حکومەتی هەرێم نەیتوانی ژمارەی وەزارەتەکان کەمبکاتەوە بەڵکو وەزارەتەکانی هەردوو حکومەتی هەولێر و سلێمانی لە حکومەتی نوێدا کۆکرانەوە.

تا ئێستا ڕوون نیە کەی ئەو هەنگاوە دەنرێ، نازاندرێ لە سەردەمی کابینەی نێچیرڤان بارزانیدا گۆڕانکاری دەکرێ یان لە کاتێکی نادیاردی دیکەدا!!

بەرەی تەوافق دەکشێتەوە و کێشەکانی مالکی زۆرتر دەبن

هەواڵەکان: دوای ئەوەی ڕەوشی ئاسایشی عێراق بە شێوەیەکی دژوار بەرەو نائارامی و شێواوی دەڕوات، بەرەی تەوافق گەورەترین لیستی سوننەکان لە پەرلەمانی عێراقدا بریاری داوە خۆی بکێشێتەوەو هاوکاری لەگەڵ حکومەتی نوری مالکی نەکات.

دوای ئەوەی دەستەڵاتی دادوەری بڕیاری ڕاگرتنی ئەسعەد هاشمی وەزیری ڕۆشنبیری دا کە ئەندامی بەرەی تەوافقە، عومەر عەبدولستار ئەندامی بەرەی تەوافق ئاشکرای کرد کە ئیدی بەرەی تەوافق خۆی دەکێشێتەوەو هاوکاری لەگەڵ حکومەتی مالکی دا ناکات.

بەپێی ئەوەی تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق ئەندامی بەرەی تەوافقە.بەرەی تەوافق داوای لێکردووە کە دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێ،

بەرەی تەوافق لەلایەن عەدنان دلێمیەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، ٤٤ کورسی لە پەرلەمانی عێراق دا هەیە، پۆستی جێگری سەرکۆمار و جێگری سەرۆکوەزیران بە ئەندامانی بەرەی تەوافق سپاردراوە، بەڵام بەرەی تەوافق حکومەتی مالکی بە پەراوێزخستنی سوننەکان و ڕێبەرانی هێزەکانی سوننە تۆمەتبار دەکات.

CIA : خەریکە یەکگرتووی کوردان دروست دەبێ

لەم ڕۆژانەی دواییدا، دەزگای هەواڵگری ئەمریکا "CIA" ڕاپۆرتێکی نهێنی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا ئاماژەی بە ڕەوتی یەکگرتوویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کردووەو گفتوگۆی پەرەسەندنی خواستی پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆی هێناوەتە بەر باس و گوتویەتی: ئەگەر کاتی خۆی بێ، ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەنێوەدەکانی جیهانیدا ئاسانکاری دەکات.

دەزگایی هەواڵگری ئەمریکا " CIAلە ڕاپۆرتی خۆیدا کە لە بەشێکی هەرە گرینگی ڕاپۆرتەکان دا زانیاری و لێکۆڵینەوە و پیلانڕێژیەکانی دەیەکانی ، و ی زاییینی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و کێشەی کورد و خەباتی سیاسی و چەکداری پارت و لایەنەکانی کوردستان بە تایبەت خستۆتە بەر باس کە کاتی خۆی پێشکەشی ناوەندەکانی بریاری ئەمریکایی کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە چونکە کەرکوک میراتی ئیمپراتۆری عوسمانلی بووە، ئیدی بەغداد ترسی لە تورکیا هەیە نەوەک دەرفەت وەربگرێ و هێرش بکات.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ: سەرهەڵدانەکانی کوردان ڕوو لەپەرەسەندە، خەبات بۆ سەربەخۆیی پەرەی گرتووە، هەرچەندە سەربەخۆی دژوارە بەڵام ئەستەم و نا مومکین نیە. ئەگەر کوردەکان بزووتنەوەیەکی هەمە لایەنە پێکبهێنن، ڕۆژئاوا ناچار دەبێ سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و بۆ پێکهێنانی ئاشتیانەی حکومەتێکی نەتەوەیی کوردستان ئاسانکاری بکات.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ: لە تورکیاش سەرهەلدانی کوردان ڕوو لە پەرەسەندن و بەهێزیە. هەربۆیەش هاوپەیمانی ئەمریکا- تورکیا تووشی کێشە و ئەستەمی زۆرتر دەبێ، چونکە تورکیا داوا لە ئەمریکا دەکات یا هێرشی سەربازی بکاتە سەر پ.ک.ک و یا لەکاتی توونددکردنی گوشار و سەرکوت دژ بە کوردانی خۆی ئەمریکا دەنگی لێوە نەیەت و هاوکاری بکات!!

لە ڕاپۆرتەکە دا باسی بزووتنەوەی کوردی لە هەر چوار پارچەکەدا کراوە، بە وردەکاری و تێبینی و بە هەوڵی دەزگاکانی هەواڵگری سوپا، وەزارەتی دەرەوە، دەزگەی هەواڵگری نیشتمانی "سی ئای ئەی"، ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا

PEW : تورکەکان ئەحمەد نەژادیان خۆش دەوێ و ڕقیان لە ئەمریکا دەبێتەوە

ڕێکخراوی توێژینەوەی PEW لە دواین لێکۆڵینەوەی خۆی دا ئاشکرایی کرد کە لە تورکیا خۆشەویسترین ڕێبەری جیهان "ئەحمەدی نەژاد"، سەرکۆماری ئێرانە و هاولاتیانی تورکیا زۆرترین نەفرەتیان سەرەتا لە ئیسرائیل بە ڕێژەی ٤% و پاشان لە ئەمریکایە بە ڕێژەی لە سەتا .

ڕێکخراوی توێژینەوەی پێو (Pew Research canter) کە سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی، ئابووری، بنەماڵە، ئێکۆنۆمی، ئاسوودەی ژیان، ڕادەی خۆشەویستی و فاکتۆرگەلی دیکەی ژیانی ئاسایی و سیاسی هاولاتیانی جیهان لێکۆڵینەوە دەکات، ئاکامی دواین لێکدانەوەی هاولاتیانی ٤٦ وڵاتی جیهانی لەمەر ڕادەی نەویستن و خۆشەویستی ڕێبەرانی سیاسی جیهان و وڵاتەکانیانی بڵاوکردۆتەوە کە خالی شایانی باسی تێدایە.

بە پێی ڕاپۆرتەکە، خەڵکی تورکیا لە جیهان لە ڕێزی یەکەم وڵاتان دان بۆ ئانتی سەمپاتی یا ناخۆشەویستی ئەمریکا و ئیسرائیل و بە شێوەیەک کە ڕێژەی نەویستن بۆ وڵاتی ئیسرائیل لە سەتا ٦ و بۆ ئەمریکا لە سەتا یە، بەم مانایە کە خەلکی تورکیا لە سەتا ٦ هەستێکی ئانتی پاتی یا نەفرەتی دژ بە ئیسرائیل و سەتا یش دژ بە ئەمریکا هەیە و لە هەمان کات دا ئەم ڕێژە بۆ فەلەستین لە سەتا ٥٦ی بە لایەنی خۆشەویستی وەیە.

سەبارەت بە ڕێبەرانیش، تورکیا، لە سەتا خۆشەویستی سەرکۆماری ئیسلامی ئێران "مەحموود ئەحمەدی نەژاد" هەیە و لە ڕیزی دواییدا"هۆگۆ چاویز"ی سەرۆکی ویێنزوئێلا هەیە ئەمەش بە هۆی دژایەتی و هاتوهاواری بەرانبەر ئەمریکا. ئانگێلا میرکێل، ڕاویژکاری ئاڵمان لە ڕیزی سێهەمە و "ڤێلادیمیر پوتین"ی سەرۆکی ڕووسیاش لە ڕیزی چوارەمە.

ئەوە لە کاتێک دا کە هەر وەکو ڕێژەی نەفرەت لە وڵاتی ئەمریکا، هاوڵاتیانی تورکیا تەنیا لە سەتا یان جۆرج بووشی سەرۆکی ئەمریکایان خۆش دەوێ و لە سەتا ی خەڵکی ئامریکاشیان بەدلە.

ئامارەکە خاڵی تریشی تێدایە کە بە پێی ئەمانیش نیشاندەدات کە وڵاتانی "کەنارەی عاج"(ساحل عاج) بە سەتا ، کێنیا لە سەتا ٦، مالی لە سەتا کە هەر سێ لە وڵاتانی ئەفریقان، زۆرترین خۆشەویستی و سەمپاتیان بۆ ئەمریکا هەیە.

سەرچاوە: مانشێت نیوز

ڕۆژەڤ

حکومەتی تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنوور کۆدەکاتەوەو هەڕەشەی لەشکرکێشی دەکات، کەچی ئێمە دڵی خۆمان خۆش دەکەین و دەڵێین: ئەمریکا لەم کاتەدا ڕێگەی پێنادات و حزبەکانی تورکیاش درۆ دەکەن و دەیانەوێ بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن سوودی لێوەربگرن، دەنا ئەگەر هێرش بکات تێکدەشکێ.

تەواوی هێزە عەرەبیەکانی عێراق بە هاوکاری و هاودەستی ئەمریکاو تورکیاو وڵاتانی عەرەبی ڕێگری لە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک دەکەن، نایانەوێ ڕیفراندۆم بەڕێوەبچێ کەچی ئێمە دڵی خۆمان خۆش دەکەین و دەڵێین: ماددەی ١٤٠ لە دەستوور هاتووە، ئەمە کاری ناوخۆی عێراقیەکانەو نابێ کەس دەست تێوەردان بکات، ڕیفراندۆمیش لە کاتی خۆی ئەنجام دەدرێ.

حکومەتی مالکی و هێزە عەرەبیەکان پێشمەرگەیان بە میلیشیا ناودەبرد، ئێمە دڵی خۆمان بەوە خۆش دەکرد کە پێشمەرگە شان بە شانی هێزی هاوپەیمانان لە پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق دا جەنگاوەو هێزێکی ڕێکخراوە، هەرگیز سازشی لەسەر ناکرێ، کەچی لەسەر پێداگرتنی حکومەت ناوی پێشمەرگە گۆڕدرا!

دوای ئەو هەموو هەورازو نشێوە پرسیارگەلێک مێشکی کوردستانیانی داگیرکردووە، ئایا دڵ خۆشکردنەکانی ئێمە توانیویەتی لە مەیدانی کردەییدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ؟!

ئێستا وردە وردە لە ئاکامی ئەو دڵخۆشکردنانە نزیک دەبینەوە، هەموومان دەزانین کە حکومەت و سوپای تورکیا ڕێککەوتوون تا هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەدەچێ هیچ لەشکرکێشییەک بۆ دەرەوەی سنوورەکان نەکرێ، واتە تا مانگێکی دیکە هەڕەشەکان مایە پووچ دەبنەوەو دڵ خۆشیەکانی ئێمەش لە جێگەی خۆیاندا دەمێننەوە، بەڵام هێشتا نازاندرێ دوای ئەوە چی دەقەومێ! ئایا تورکیا لەشکرکێشی دەکات یان نا؟! ئایا ئەمریکا شان نزمی بۆ دەکات یان نا؟! ئایا ئەگەر تورکیا سنووری بەزاند خەڵکی کوردستان بەرگری پێویست دەکەن یان نا؟!

بۆ ئەوەی دڵ خۆشکردنەکانی ئێمە جێگە بگرن و لە مەیدانی کردەییدا پایەدار بن، دەبێ هەم واقیعیانە بیر بکەینەوە و دانوستاندن لەگەڵ یەکتردا بکەین، هەمیش وردبینانە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بخوێنینەوە، هەڕەشەی نابەجێ نەکەین و دانوستاندن لەگەڵ دەوروبەردا بکەین. بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین تورکیا هێرش بکات، بۆ ئەوەی ڕەوشی کەرکوک لە کاتی خۆیدا ئاسایی بکرێتەوەو ڕیفراندۆم لە کاتی خۆیدا بەڕێوەبچێ، ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە کە هەنگاوی کردەیی لەسەر ئاستی ئەوروپاو نێودەوڵەتیدا هەڵبگرێتەوە، بە گوشاری خۆی و دۆستانمان حکومەتی بەغداد ناچار بکات هەم بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات، هەمیش کار ئاسانی بکات تا ڕیفراندۆم لە کاتی خۆیدا بەڕێوەبچێ، نابێ دەرفەت لە دەست بدەین، ئەگەر تورکیا لەشکرکێشی کرد، ئەگەر ڕیفراندۆم نەکرا، دەبێ ئێمە چی بکەین؟!!

باندێکی ساختەکردنی دراو لە شاری سلێمانی دەست گیر دەکرێن

دوێنێ شەممە ڕێکەوتی -٦- بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی تاوانی پارێزگاری سلێمانی ئاشکرای کرد کە باندێکی تەزویرکردنی پارە دەستگیر کراون.

سەرچاوەیەک لە نەهێشتنی تاوان ڕاگەیاندووە کە بانده دەستگیرکراوەکە بڕێکی زۆر دراوی عیراقی، دۆلاری ئەمریکی و چەندین بەڵگەنامە تەزویرکراویان پێگیراوە.

بە گوێرەی زانیاریەکە دوو کەس لە دەستگیرکراوەکان لە هەڵبجەی تازەوە هاتوون، ٥ هەزار دیناری عیراقی تەزویریان پێبووە لە فیئەی هەزاری و ٥هەزاری و هەزاری، لەگەڵ ٤ دۆلاری ئەمریکی لە فیئەی دۆلاری، کە وەکو نموونە هێناویانە و بە نیازبون لە سلێمانی ساغی بکەنەوە.

هەر هەمان سەرچاوە ڕونی کردۆتەوە کە جگە لەو دراوانە ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی تەزویریان پێ گیراوە کە بریتین لە کارتی بەنزین و ئارمی ئۆتۆمۆبیل و ناسنامەی باری کەسێتی و ناسنامەی چەند دامەزراوەیەک. دەستگیرکراوەکان ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان و لە ڕۆژانی داهاتوو ئاکامەکەی بۆ مێدیاکان بڵاو دەکرێتەوە.

ڕێککەوتنی نێوان تورکیاو دۆستەکانی بەرەو کێ دەڕوات !؟